ئەمە ئیسرائیل مووشک باران کرا لەلایەن گروپی نەناسراو لە خاکی لوبنانەوە

سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل بنیامین ناتانیاهۆ، ئەوارەی ئەمە پەنجشەممە لەگەڵ کابینەی سیاسی و ئاسایشدا کەدبەتەوە، دوای ئەوەی چەندەها موشک لە باکووری ئیسرائیلەوە کەوتە خوارەوە کە سەرچاوەکەی لەخاکی لوبنانەوەیە.

وەزیری بەرگری ئیسرائیل فەرمانی دا دەستبەجێ وەڵامی ئەو موشکانە بدرێتەوە کە لە لوبنانەوە هەڵدراون، لە کاتێکدا دانیشتنی هاوژکاری ئەمنی لە بارەگای وەزارەتی سوپا بەڕێوەدەچێت.

میدیاکانی ئیسرائیل دەڵێن زەنگی ئاگاداری لە ناوچەکانی نزیک سنووری باکوور بە تایبەتی لە ناوچەکانی شلەمی و باتزا و هانیتا و عەبوون و عەرەب ئارامشە و ئەوانی دیکە دەنگیان داوە.

میدیاکانی ئیسرائیل هایانگەیاند کە چەکی بەرگری ئاسمانی توانی بیست موشکی هەڵداوەتە خوارەوە.